www.kurdistannet.org

# چەند بابەتێکی ڕۆژنامەنووس (کەریموك) کەلەڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە.

## کام ڕۆژنامەی ئازادو ئەهلیو سەربەخۆ..!؟

ماوەیەکە قسەو باسێکی گەرموگوڕ لەمەڕ ڕۆژنامەی ئازاد لەئارادایە، لەچەندین کەس و لایەنەوە بانگەشەکە تائاستی دەرچوونیچەند ڕۆژنامەو بڵاوکراوەیەکی بەناو ئازادو سەربەخۆ چڕبۆتەوە..

ئەم دەنگۆیەو پەلەپڕۆزیکردن لەدەرکردنی ڕۆژنامە، ڕاستەوخۆ بەدوای داخستنی ڕۆژنامەی هەرێم و لێدوانەکانی سەرۆکی حکومەت لەسلێمانی لەمەڕ بواردن بەڕۆژنامەی ئازاد بڵاوبۆیەوە.

لەنێو باس و خواسەکانیشدا نارۆشینی و تەمومژییەکی زۆر لەسەر ڕۆژنامەی ئازادو ئازادیی ڕۆژنامەگەری بەرچاو دەکەوێت.

ئەگەر ڕۆژنامەی ئازاد بەوە پێوانە بکرێت کەوەك زمانحاڵ خۆی نمایش نەکردووە یاخود لەسەری نەنووسراوە فلانە حیزب و ڕێکخراو دەری دەکات و ئۆرگان نییە، ئەوە گۆشە نیگایەکی کورتبینانەیەو ڕۆنەچوونە نێو حەقیقەتی مەسەلەکانە، چونکە ئازادیی .. لەئازادانەی هەڵویست و نەسڵەمینەوە لەڕاستی درکاندن و خستنەڕوی حەقیقەت دایە، ئازادیی ڕۆژنامەگەریش بەوە نییە کەهەندێ جار ڕەخنەی ڕووکەشکارانە لەحیزب و دەسەڵات بگیرێ و بەڵام بۆی نەبێ و نەوێرێ خۆی لەقەرەی مەسەلەیەك بدات کە هەم دەسەڵاتی پێ هەرەسان دەبێت و هەم فشاری جەماوەری لەسەر دروست دەبیت.

دیارە لەو جۆرە ڕۆژنامانە، لەچەند ساڵی ڕابردوودا تاقیکرانەوەو خەڵك و خوێنەریش هەر زوو لەپەیامی بێ پەیامیان گەیشتن، هەر بۆیەش لەداخستن و دەرنەچوونیان کەس ناڕازی نەبوو..! تەنانەت خاوەنەکانیشیان گرفتەکە لەوەدایە کەسێ خۆی ئازاد نەبوو، چۆن دەتوانێ کەناڵ و ڕۆژنامەی ئازاد ببابەڕێوەو ڕەخنە بگرێ و باس لەئازادیخوازی بکات..!!

بانگەشەی سەرۆکی حکومەتیش سەبارەت بەئاوەڵاکردنی دەروازەی ڕۆژنامەگەری ئازادو یارمەتیدانیان گەرچی لەرووخساردا خاڵێکی دڵخۆشکەرە، بەڵام دەبێت بزانرێت یارمەتیدانی ڕۆژنامەی ئازاد بەوە لێك نادرێتەوە کەچەند ڕۆژنامەنووسێکی نزیك و بەشدار لەدەسەڵات و ئاوێتە بەبیرو تێزەکانی، هانبدرێن بۆ دروستکردنی ئەو کەناڵەو یارمەتیان بدرێت (گەرچی ئەوانیش مافی خۆیانە) بەڵام یارمەتیدانی ڕاستەقینە، تەنیا هاوکاری کردنی ئەو ڕۆژنامانەیە، کەبەڕاستی ئازادن و ڕاشکاوانە مومارەسەی ڕۆژنامەی ئازاد دەکەن و گەرکیانە ڕەخنەی جدی بگرن و لەژێر هیچ پاساوێکەوە چاوپۆشی لەکەم و کوڕی و قەیران و نەهامەتییەکان نەکەن، ئەمەش بەپێی یاسایەکی ڕاگەیەنراو ڕەسمی دەبێت، کەتێدا جۆرو چۆنیەتی یارمەتی دانەکە دیاری بکرێت و هیچ سانسۆرو مەرجدارییەك دانەنرێت، بێ ئەمە هەوڵ و بانگەشەکان لەچوارچێوەی (قسە) قەتیس دەبێت و بێ ماتمانەیی زیاتر دەبێت.

دەبێ ئەو ڕاستیەش لەبیر نەکەین، ئەمڕۆ خەڵك و خوێنەر باش درك بەڕاستییەکان دەکەن و ئەودیوی ڕستەو مانشێتەکان دەخوێنەوە...!

## فرە یی منداڵ لەئەقلی دواکەوتوانەوەیە

ڕەنگە تاهەنوکەش لەکوردستاندا، ڕۆڵ و بایەخی منداڵ وەك بوونەوەرێکی نەوەی ئایندە، نەزانربێ، هەربۆیە جەژنەکەشیان بەئەسپایی تێدەپەڕێ.

قسەکردن لەسەر منداڵ، ڕاستەوخۆ قسەکردنە لەژیان و داهاتووی کۆمەڵگە، هەر بەم پێودانگەیەش دەبێت هەموو ئەو چەمك و زاراوانە بخەینە ژێر پرسیاری ڕاڤەکارانەو جارێکیترو بەهزرێکی تازەتر لێیان وردبینەوە.

چەمکی(پەروەردە) و(بەخێوکردن) دوو چەمکن و هەمیشە ئاوێتەی یەکتر دەکرێن، کەچی وەك ئاشکرایە پرۆسەی پەروەردەکردن بۆ بەرهەمهێنانی تاکێکی کاراو بەرهەمدار ئەنجام دەدرێت و پەیوەندارە بەمیتۆدو بەرنامەی زانستی؛ کەسانی پسپۆر ڕۆڵی شایستەی تێدا دەگێڕن، بەڵام (بەخێوکردن) تەنها مفهومی ژیاندن بەمانا مادیەکەی دەگرێتە خۆی، بەو مانایە مرۆ بۆ ئەوەی نەمرێت پێویستە بخواو بخواتەوە، زۆرجاریش کەقسە دێتە سەر منداڵ و زۆر خستنەوەی یەکسەر ڕووبەڕووی مەسەلەی بەخێوکردن دەبینەوە، بەواتا بۆ پاساو هێنانەوەی کەسی منداڵخەرەوە، هەمیشە پەنای بۆ دەبرێت و یەکسەر بەخێوکردن شوێنی پەروەردەو هەموو ئەو مافانەی پێویستە منداڵ هەیبێ، دەگرێتەوە.

بۆ نموونە، کاتێ کەسێك دەخەیتە ژێر فشاری منداڵ خستنەوەی زۆر، ڕووت تێدەکاو پێت دەڵێ: من بەخێویان دەکەم و کەسیش لەبرسان نەمردووە، دیارە لەم تێڕوانینەوە، ئامانج تەنها دەبێتە گەورەکردنی منداڵ و فەرامۆشکردنی پەروەردەکەی. لەدەرەنجامی ئەمەدا تاکی ناهۆشیار دێتە کایەوە کەهیچ ڕۆڵێك لەسەر گەشەی کۆمەڵگە نابینێ.

باوەڕبوون بەفرەیی منداڵ، بنەمایەکی خێڵەکیانەی هەیەو زاڵ بوونی بیرو تێزە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگەیە، بەو لێکدانەوەی کێ نەوەی زیاتر بێت، ئەوەندە هێزی زیاتر دەبێت و دەتوانێ هەم بەرگری لەبوونی خۆی بکات و هەم داگیربکات و سنووری دەسەڵاتی زیاتر فراوانتربێت.

بۆیە باوەڕهێنان بەکەمی منداڵ و پوختەو پەروەردەکراو لاوازکردن و هەڵوەشاندنەوەی ڕایلەکانی خێڵ وخێڵداریەو برەودانە بەدانان بەئاستە باڵاکانی زانست و کۆمەڵگای خۆشگوزەران.

## پارتی کار هەڵوەشایەوە یان خۆی هەڵوەشاوە بوو..!؟

ماوەیەك بەر لەئێستا بڕیاری هەڵوەشانەوەی پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان بەبیانوی پەیڕەونەکردنی یاسای حیزبەکان لەلایەن دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ڕاگەیەنرا، هەر دوای ئەوە پارتی کار جموجۆڵی لەت لەت بوونی تێکەوت، دواتر پارتی ناوبراو بوو بەچەند پارچەیەك و بەشێکیان لەژێر ناوی (پارتی کاری دیموکراتی کوردستان) خۆیان ڕێکخستەوە، کەپێ دەچێت ئەم گروپە لەپارتی دیموکراتەوە نزیك بن و دەشێ هاوکاریش بکرێن، لەبەلاغی ڕاگەیاندن و قسەکانی ئەو دوایەی سکرتێر، ئەمە بەڕۆشنی دیارە کەئەم پارتە پابەندبوونی خۆیان بۆ حکومەتی هەولێر دووپات دەکەنەوە. بەشێکیتریشیان گەڕانەوە ناو حیزبی شیوعی کوردستان، کەسانێکیش تائێستا خۆیان ساغ نەکردۆتەوە، بەڵام واپێدەچێت ئەوانیش لەهەوڵی خۆ یەکلاکردنەوەدابن. لەلایەکیتر وریا سەعیدی سکرتێری پێشوو، لەجموجۆڵی ڕێکخستنەوەی ئەندامە پەرتەوازەکانیتری پارتی کار دایە، کەبەپێی چەند ئاماژەیەك پێدەچێت مەیلیان زیاتر بەلای دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانیەوە بێت.

جێگەی هەڵوەستە کردنە کەئەم پارتە چۆن ئاوا بەئاسانی هەڵوەشایەوەو لەت لەت بوو..؟

دیارە ئەوەی بەوردی بەمێژووی دروست بوون و کاری ئەو ماوەیەی پارتی ناوبراودا بچێتەوە، ئەو ڕاستییەی بۆ پەیدۆز دەبێت، کەئەم ڕێکخراوە هەر لەسەرەتادا لەنێو تۆڕێك تەنگژەی سیاسی و ڕێکخراوەیدا دەی ناڵاندو چەندین ئاڕاستەی جیاواز لەنێویدا کاری دەکرد، یانی هەر لەسەرەتادا ئەم پارتە بنەمایەکی هەڵوەشاوەیی هەبوو، پەتای کوتلەگەری تێکەوتبوو، هەر بۆیە قەت ڕەچاوی ئەوەی لێ نەدەکرا ببێتە پارتێکی ئەلتەرناتیف و ڕۆڵگێڕ، ڕەنگە ئەو دەرەنجامەی ئێستا پارتی کار پێی گەیشت، باشتر ڕاستی ئەم قسانەمان بسەلمێنێ.

ئەم گروپە هەر لەسەرەتاوە کەلەحیزبی شیوعی جیابوونەوە، جگە لەتۆخکردنەوەی دیدگا نەتەوەیەکەیان هیچ جیاوازو بەرنامەیەکیتریان نەخستەروو، بۆیە هەر زوو مەیلیان بەلای (P.K.K)دا وەرچەرخا، تائەو ڕادەیەی کۆمەڵێ لەپێشمەرگەو کادیریان ناردە ناو پەکەکە بۆ مەشق و ڕاهێنان، کەئەمە لاوازی و بێ پرانسیپی ڕێکخراوەیی پیشان دەدات.

بەشێکیتریان بەهۆی کوژرانی (محەمەد حەلاق)و هاوڕێکانی، تاسەر ئێسقان دژی ئەم دەسەڵاتەی یەکێتی بوونەوەو زیاتر خۆیان لەدەسەڵاتی پارتی نزیککردەوە، ئەمەش هەلەیەکیتری ململانێی سیاسییە کەناکرێت، لەدژی لایەنێکەوە پاڵ بدەی بەلایەنێکیترەوە.

بەچاوخشانێکی خێرا بۆ ئەو نووسین و قسەو گۆتانەی لێرەو لەوێ لەسەر زاری ئەندامانی پارتی هەڵوەشاو دەکرێن، دەردەکەوێت کەژیانی ناوخۆی پارت هەمیشە مەیدانی دووبەرەکی و لەیەکتر کەمین بووە.

ئاخر لەیاریەکی منداڵانە دەچێت پارتێك خاوەنی ئیرادەو بڕیاری خۆی بێت، بەبڕیارێکی بەناو دادگا یەکسەر هەڵوەشێتەوە، بێ ئەوەی بەرگری لەمانەوەی خۆی بکات..!

هەنووکە هەموو شتێك بەناکامی گەیشت و ئەوەی ڕوویدا شتێکی چاوەڕوان کراو بوو، چونکە پرۆسەی دروستکردنی ڕێکخراوی سیاسی لەکوردستان بەبارێکی تەندروستدا تێناپەڕێت، ئەمەش بەشێکی زۆری پەیوەستە بەوەوە کەزەرورەت ئەو ڕێکخراوانە دروست ناکات، بەڵکو ئەو حیزب و ڕێکخراوانە بۆ دەستکەوتنی ئیمتیازاتی مادی و هەندێ پلەو پایە دروست دەکرێن، بۆیە گەشە کردن بەخۆوە نابینن و لەچوار چێوەیەکی بەرتەسکدا دەمێننەوەو دەبنە سەرچاوەی بژێوی ژیان بۆ چەند کەسێك بەناوی کادرو ئەندام.. کەلەدرەنجامدا جگە لەخستنەوەی تاکی مشەخۆرو بێ ئیرادە چیتری لێوە بەرهەم نایەت..

یەکێك لەتایبەتمەندیەکانی ڕێکخراوی سیاسی، سەربەخۆییە لەکارو چالاکیدا، لەبڕیارو هەڵوێست وەرگرتندا، دواتر بەشێکی زۆری ئەوەی ئەو سەربەخۆیانە دەپارێزی، سەربەخۆیی سەرچاوەی داراییە، بەم پێیە ئەمڕۆ دەگمەن دەبینیەوە حیزبەکان لەدەرەوەی ئەو دوو دەسەڵاتە سەربەخۆبن، چونکە بەشێکی زۆری سەرچاوەی دارایان لەوێوە دابینکراوە، کارکردن بەپێچەوانەی ئاراستەی ئەوان لەدەستدانی هەموو ئەو ئیمتیازاتانەیە، لەکاتێکیشدا هەرچی چەمکی شۆڕشگێڕیەتی هەیە کاڵ بوبێتەوە، ئیمتیازات و دەسکەوتنی سامان شوێنی هەموو شتێك دەگرێتەوەو حیزبی پەراوێزو پاشکۆو هەڵپەرست بەوجود دێت.

ناحەق نییە ئەمڕۆ خەڵك متمانەیان بەو حیزبانە لەدەستداوەو حیزب هەمیشە وەك دەزگایەك دوور لەبەرژەوەندی خۆیان سەیر بکەن..! چونکە تاقیکردنەوەی ١١ ساڵی ڕابردوو ئەوەی سەلماند حیزبەکان نەك پێشڕەوی جەماوەریان نەکرد، بەڵکو لەزۆر کات و حاڵەتدا ڕێگرێکی گەورەش بوون لەبەردەم پەرەسەندنی وشیاری کۆمەڵایەتی و فراوانبوونی مەوداکانی ڕۆشنبیری، ئەمڕۆ ئاستی تێگەیشتن و لێکدانەوەی خەڵك بۆ هەر دیاردەو ڕووداوێکی سیاسی لەسەرووی تێگەیشتنی حیزبەکاندایە، خەڵك بەباشی درك بەو هەموو سازشەی حیزبەکان دەکات کەبۆ مانەوەو دەسەڵاتخوازی خۆیان ئەنجامی دەدەن، بەڵام چی لەگەڵ ئەوە دەکرێت کەئەوان دەستیان بەسەر سەرچاوەکانی داهاتدا گرتووە.

لەدەرەنجامدا ڕەوشێکی واناڵەباردا، دەیان پارت و ڕێکخراوی وەك (کار) دروست دەبن و هەڵدەوەشێنەوە، دەیان کەسیش لەو ململانێیانەدا زڵ دەکرێن و بەسیاسەتمەدار ناوزەد دەکرێن. بەڵام ئەو وەزعەش هەروا ناگوزەرێ..!

**تێبینی:** ئەم نووسینە ماوەیەك لەوەمەوبەر نووسراو دەبوو لەکاتی خۆیدا بڵاوکرابایەوە، بەڵام بەهۆی دواکەوتنی (سیڤەر) دواکەوت.

www.kurdistannet.org

# حیزبەکان لەرێی زەوتکردنی نانەوە، هەرچی ئیرادەو ئازادی هەیە دەی سەننەوە

لەوە نادوێین کەسەفەر مافێکی سروشتییەو، مرۆ هەمیشە خواستی پەی بردنی بەنهێنیەکانو.. گەڕانو سوڕانی هەبووەو سروشتی کۆمەڵایاتیانەی خۆی ئەنجامداوە.. بەکورتی باس لەو سەفەرە یا ئەو کۆچە ناکەین کەرەهەندێکی غەریزەییو کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵکو قسە لەسەر ئەو کۆچە نائاساییە بەلێشاوە دەکەین، کەتائاستی گیان بەخشین پەنای بۆ دەبرێت، کۆچێك دواجار وەك دیاردەو ستراتیژی تاکەکان خۆی دەخاتەروو، ئەو کۆچە نائاساییەی لاوانی کوردستان هیچ لێکدانەوەیەك هەڵناگرێت، جگە لەو بێ ئاسۆیيو مشەخۆریو پانخوازییەی کەلەسەر دەستی هەردوو حیزبە دەسەلاتدارەکەی کوردستان هاتۆتە ئاراوە.

خەڵك چۆن کۆچ ناکات، کاتێك دەبینێ ئەوەی خزمو ناسیاوی بەرپرسێك نەبێت نابێتە خاوەنی بچووکترین ئیمتیازات، حیزبەکان لەرێی هەندێ بەرپرسەکانیان هەریەکەو سەرقاڵی جۆرە بازرگانیەکنو بەناوی بواردان بەبازرگانی ئازاد، تەواوی جموجۆڵی بازاریان بۆخۆیان قۆرغ کردووە، ئەمڕۆ ئەوەی حیزب لەپشتییەوە بێتو بەرگری لێ بکات، دژیت، باشیش دەژیت، ئاخر دەبێت سیحری ئەوە چی بێت کارمەندی یەکێ لەدەزگاکانی حیزبەکان، بێ ساردیو گەرمی مانگانەکەی چەندین جار زیاتر بێت لەو عەرەبانچییەی کەرۆژ تائێوارە بەهەموو توانای کار دەکات، کەچی مەسرەفی خێزانەکەی بۆ دابین ناکرێت..!

بەڵێ حیزبەکان بوونەتە سەرچاوەی بژێویو ژیانی (نوخبە) کۆمەڵێك لەخەڵکی، نوخبەیەکی بێ رۆڵو بێئیرادە، چونکە دەسەڵاتی کوردی لەرێی نان دابینکردنەوە، هەرچی ئیرادەو ئازادی هەیە دەی سەنێتەوە، هەر لەم رێگەیشەوە هەولی ملکەچکردنو دەستەمۆکردنی ئەو قەڵەمانە دراوە، کەجۆرێك لەسەرکێشیو نەفەسی ئازادیخوازانەیان تێدا بووە، دیارە لەم نێوەدا رۆشنبیرو کەسانێکی زۆریش دەستی تەسلیم بوونیان لێ هەڵبڕیوەو ئازادیو ئیرادەیان بەنان گۆڕیوەتەوە، کەئەمەش بەشێك رەوایەتی تێدایە، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەو بەرگەی ئەو هەموو فشارە ناگرێت کەدەخرێتە سەری.. خۆبەشێکیتریش ئەگەر کەمیش بێت، تونێلە تاریکەکانی مەرگ هەڵدەبژێرنو ملکەچ ناکەن، جا یان دەبنە خۆرکی دەریاو گەدەی ماسییەکانی ئیجە گەرم دەکەنەوە، یان دەگەنە شوێنێكو هەزار نەفرەت بۆ وڵاتێك دەنێرنەوە کەژیانو ئازادیی تێدا نەبێتو (ملکەچیی) باڵا دەست بێت.

یانی سەفەری لاوانی کوردستان جۆرە تۆڵەسەندنەوەیەکە لەو هەموو خروقاتەی دەسەڵاتی کوردی ئەنجامی دەدات.

# پاشکۆکانی شەڕی ناوخۆ

بێگومان شەڕ.. ماڵوێرانیو برسیەتیو نەهامەتی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێو بەها کۆمەڵایەتییەکان دەسڕێتەوەو کۆمەڵگە دووچاری چەندین قەیران دەکات.. دواجار ئاستەنگ دەخاتە بەردەم وشیاری کۆمەڵایەتیو دۆخێکی نائاساییو ناهەموار بۆ سەرهەڵدانی چەندین بیرو تێزی دواکەوتووانەو دیاردەی سلبی دەخولقێنێ..

بەو پێیە شەڕی ناوخۆی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان، کارەساتێکی زێدە گەورەیی بەسەر کۆمەڵگەی کوردستان داهێنا.. دەرەنجامەکە هەر بەتەنها لەوە بەرجەستە نابێت، کەجەستەی هەزاران لاو لەشەڕگە نەگریسەکاندا بوونە قەرەبرووتو شیرازەی هەزاران خێزان هەڵوەشایەوەو داهاتی کوردستان کەقوتی دەمی خەڵك بوو، بەفیرۆدرا، یان بۆ کاری تایبەتی حیزبایەتی خرایە کار.. بەڵکو کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئەو شەڕە ئینسانپڕوکێنە بەسەر سەرجەم بوارەکانی ژیاندا رەنگدانەوەی دروست کرد.

پڕانسیپی (ئەگەر لەگەڵم نیت، دوژمن بە) یەکێکە لەسیماکانی شەڕی ناوخۆ. لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا، ئەم دوو دەسەڵاتە هەمیشە کاریان لەسەر ئەوە کردووە چەمکی بێلایەنی ناشیرین بکەن، بۆیە ئەگەر کەسێك لەهەولێرەوە بێتە سلێمانیو بەپێچەوانەشەوە لەسلێمانی بۆ هەولێر، لەرێی قەڵەمەکانیانەوە ناوناتۆرەی ناشیرینیان خستۆتە پاڵ، چونکە ئەوان وەك چۆن کوردستانیان کردە دوو هەرێم، ئاواش گەرەکیانە خەڵکەکەشی دابەش بکەن، لەم نێوەشدا نووسەرانی دەربارو کەسانی بچووكو بێ ئیرادەو هەلپەرست زیاتر دەرفەتیان بۆ رەخسا، مەرامی مشەخۆری خۆیان پیادە بکەن.. کەم نین ئەوانەی لەسەر کەلاکی بۆگەنی شەڕی ناوخۆ بوونە ناوی زلو بەسەر ناوەندی رۆشنبیری بوونە بار.. داخیش لەوەدایە ئەو کەسانە هەمیشە لەژێر مکیاژی بێلایەنیو دروشمی ئازادیی، خۆیان دەمامك دەدەن، ئاخر کەسێك لەبڕیارو چالاکیەکانی خۆی ئازاد نەبێتو هەمیشە هێزێك لەدەرەوەی خۆی بیجولێنێ، ئازادیو سەربەخۆییەکەی لەچیدایە..؟!

زۆربوون ئەو قەڵەمانەی لەبەرامبەر شەڕی ناوخۆدا، دەستی تەسلیم بوونیان لێ هەڵبڕیو بوونە بەشێك لەو شەڕەو خۆشکردنی ئاگرەکەی، لەتەك رشانەوەی تڤەنگەکان، ژەهری وشەیان ڕشت.

شەڕی ناوخۆ وەك چۆن کۆلکەنووسەرو رۆژنامەنووسی پاشکۆی دروست کرد، ئاواش چەندین گروپو وردە حیزبو دامو دەزگای پاشکۆی هێنایە ئاراوە، لەرێی دابینکردنی داراییەوە ئیردەو سەربەخۆیشی لەزۆریان سەندەوە.

دووان لەسەر ئاکامە ترسناکەکانی شەڕی ناوخۆ زۆری پێدەویو بێقسەکردن لەسەریشی، ناتوانین بەرپێی هەنگاوەکانی ئایندە بەرۆشنی ببینین، چونکە هەر وەك چۆن شەڕی ناوخۆ درێژکراوەی ململانێکان بوو، ئاواش بەیانی درێژکراوەی ئەمرۆ دەبێت.

# زەکەریا وەڵامی ئیسلامیەکانی دایەوە

هەموو ئەو هاتو هەراو پەلەقاژێیانەی ئیسلامیەکان لەچەند مانگی رابردوو لەبەرامبەر هونەرمەند (زەکەریا عەبدوڵڵا) ئەنجامیاندا؛ بەتاڵ بوونەوە، کاتێ هونەرمەند بەئەلبوومێکی تازەوە جارێکیتر هونەری خۆی تاقیکردەوە..

هیستریای ئیسلامیەکان لەبەرامبەر کلیپی ئەم هونەرمەندە بووە مایەی شەرمەزاری.. کاتێك لاوان بەتاسوقەوە تینویەتیان بەدەنگی دەشکاند. دەبێت ئێستا خواستی ئەو هەموو خەڵکەو گوێگرەی کەهەیە ناوبنێن چی..؟!

ئەگەر زەکریا کافرو مولحیدو بێ رەوشتە، بڵاوبوونەوەی (٦٠٠٠٠) هەزار CDو نەمانی لەبازاڕەکاندا ناوبنێن چی..؟!

ئێستا لەهەموو کوچەو کۆڵانێك دەنگی ئەم هونەرمەندە دەبیسترێ، تۆ بڵێی خەڵکی ئەم کوچەو کۆڵانانە هەمووی بەدڕەوشتو مولحید بن..؟!

ئەوانەی چاویان بەدەنگی ئەم هونەرمەندە هەڵنایێ، ئێستا دەبێت چی بکەن، لەئاست ئەو هەموو خواستەی کەبۆ هونەرمەند هاتۆتە ئاراوە..؟!

بەراستی دەرکەوت تەنها داهێنانو ئەفراندنی جوانی وەڵامدەرەوەی تۆمەتو ناراستیەکانە، چونکە کاتێك زەکریا لەلایەن چەند کەسێکی بیر تاریكو رق لەژیان؛ هێرشی کرایە سەر، هیچی نەگوت. لەبەر ئەوەی قسەکان بێ بنەماو بێ مانا بوون. بەڵام دواجار بەئەلبومێکی پڕ لەشەوقەوە ئاشنای کردین.

خولیای ئەو هەموو خەڵکە بۆ ئەو ئەلبومە، خاڵێکی درەوشاوەیە کەخەڵك حەز بەجوانی ژیان دەکەنو لەگەڵ پێشکەوتنداو لەگەڵ کۆنەپەرستیو دواکەوتن هەلناکەن..!

# کۆمەکردنی میدیای ئـازادو یەك دوو قسە

دوای بانگەشەیەکی چرو ماوە درێژ، پرۆژەی یارمەتیدانی میدیای ئازاد لەلایەن خۆیان بەرکەوتو هەندێکیتریش نەچوونە ئەو خانەیەوە..

رێژەی حکومەتی هەرێم- سلێمانی جێبەجێکرا، لەم نێوەشدا کۆمەڵێك بڵاوکراوە پشکی یارمەتیدانەکە زۆر بچووکتر بوو لەقەبارەی ئەو بانگەشانەی بۆی دەکرا.. لەنێو بڵاوکراوەکانیشدا چەند دانەیەکی لێ دەرچێت، ئەوانیتر ناڕاستەوخۆ بەشێوەیەك لەشێوەکان لەماوەی رابردوودا پارەیان وەرگرتوە، تەنانەت پێداویستی چاپەمەنیش.

لەبەر ئەوەی ئەم کارە لەنێو بواری رۆشنبیری ئێمەدا تازەیە، بۆیە قسە زۆر هەڵدەگرێ، کەچی تائێستا بڵاوکراوەکان وەك ئەوەی هەنگیان لەدار دۆزیبێتەوە، قسەیان لەسەر نەکردوە.

ناچینە سەر ئەوەی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی پارەمەتیدراون چەندیان ئازادنو بێ پاڵپشتی ئەملاو ئەولا دەردەچن، چونکە ئەمرۆ ناروونییەکی زۆر لەسەر چەمکی رۆژنامەگەری ئازاد لەئارادایەو بەرادەیەك تێکەڵو ئالۆزییەکی زۆر لەو بوارەدا هەیە.

ئەگەر ئازادیی رۆژنامەیەك بەوە لێکبدرێتەوە ئۆرگانی دەسەڵات یان حیزبو رێکخراوێك نییە، ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە ئازادیو سەربەخۆیی رۆژنامەیەك بەوە لێك نادرێتەوە لەسەری نووسراوە ئازادو ئەهلییە.

سەربەخۆیی رۆژنامە، لەرەخنەگرتنو هەڵوێستەکانی دایە، لەو جیاوازیانە دایە، کەلەنێوان خۆیو تێزەکانی دەسەڵاتدا هەیە، ئەگەر رۆژنامەیەك هەمان تێروانینی باوی ناو کۆمەڵی هەبێتو بەهەمان دیدگاو شێوە رەفتاری دەسەڵات هەڵسوکەوت بکات، ئازادییو سەربەخۆییەکەی لەچیدایە..؟!!

بەهەر حاڵ، لەگەڵ ئەوەی دەکرێت ئەو یارمەتیانەی دەدرێن بەو رۆژنامەو گۆڤارانە بەبارسوکییەك سەیر بکەین، بەڵام جێی ئومێدێکی گەورە نییەو لەجەوهەردا ناڕاستەوخۆ لێسەندنەوەی بەشێك لەوسەرەورەیانەیە کەرۆژنامەگەری ئازاد لەماوەی پێشوودا بەدەستی هێناوە، رۆژنامەیەك کەتائێستا لەسەر توانای خۆی دەرچووبێتو، ئەمرۆ دابینکردنی ئەو پارەیە چەند یارمەتی بەرو پێشچوونی دەدات، زیاتر لەوەندەش لەتەمبەڵی نزیکی دەکاتەوە.

بەهەر حاڵ مادەم بێ هیچ مەرجێك ئەو یارمەتیانە دەدرێن، دەبێت بەباشی بنرخێنین.. بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت ئەگەر حکومەت بەراستی گەرەکییەتی یارمەتی رۆژنامەگەری ئازاد بدات، بالەسەرەتاوە هەوڵی گۆڕینی ئەو یاسا کۆنو دارازاوانە بداتو بواری رەخنەو ئازادیی رادەربرین فراوان بکات، کەمن پێم وایە باشترین یارمەتی بۆ رۆژنامەو رۆژنامەنووسی ئازاد رەخساندنی ئازادییەکانەو دوجاریش پاراستنیانە، چونکە ئازادی بەوە لێك ناردێتەوە تۆ بەئازادانەو بێمەرج قسەی خۆت بکەیت، بەڵکو دەبێت ئازادییەکانی ئەو قسەکردنە بپارێزرێت.

www.kurdistannet.org

# بێ ئومێدی مرۆڤو قاپییەکانی ئاسوودەیی

تێکشکانی یەکێتی سۆڤیەتو تاك جەمسەر بوونەوەی دونیا، هەر بەتیا مەترسی پاوانکردنی جیهانی لێ نەکەوتەوە، بەڵکو مرۆڤی لەبارێکی هەڵواسراودا هێشتەوە، بەدیوێکیتردا ئاسۆی مرۆڤەکانی کوێر کردەوەو مرۆی لەبوونەوەرێکی پڕ لەخەونو خەیاڵ.. بەرەو بوونەوەرێکی غەریزەیی رووت ئاراستە کرد، کەتەنها ئامانجی بەتاڵکردنەوەی غەریزەکانی بێت.. مرۆڤێك ئەوەی بەخەیاڵیدا گوزەر نەکات ئایندەی مرۆڤایەتییە.

ئەم تێزەی بەناو نەزمی نوێی جیهانە، جگە لەبێ ئومێدیو رەشبینی هیچیتری نەهێنا، ئەمرۆ دیدگای بێ بڕواییو پەیوەست نەبوون بەهیچ، فراوانترین رووبەری لەبیرکردنەوەی کۆمەڵگەکان داگیر کردووە، چەمکەکانی شۆڕشو شۆرشگێریەتی کەبنەمای گورینی ژیانە، بوونەتە جێگەی گومان.. تائاستی بێ بەها بوون.

لەگەڵ ئەوەشدا رۆژ بەرۆژ هەناسەی هاتنەوەی مرۆڤ بۆ سەر ساحەی ژیان زیاتر دەبێت.. رەنگە ئەمرۆ ئاماژەکانی بەهێزبوونی فیکری هیۆمانیستی رۆشنتر بوونەتەوە، تارادەیەك تەمو مژی پەنجەرەکانی بینین کاڵ بۆتەوە، ئەو چەمکانەی دوێنێ بانگەشەی مردنی دەکرا، ئەمرۆ باشتر حەقیقەتەکانیان بەرجەستە بوو، سەرمایەداریش کەعەیامێکە جیهان بەئاقاری بەرژەوەندییەکانی دەچەرخێنی، باشتر لەو راستییە گەیشتووە، کەبانگەشەکانی کۆتایی مێژووو گەندەڵیەکانی بالاّ دەستی بازاڕی ئازادو قۆرغکردنی ژیان، چ نەهامەتییەکیان هێناوە، ئەوەی پێی دەگوترا دیموکراسی لیبرالی لوتکەی بەختەوەریەکانە، نەك وادەرنەچوو بەڵکو زۆرترین ئاژاوەو توندوتیژی لەگەڵ خۆیدا هێنا، ئیدی دونیا لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکیتر دایە.. دەشێ ئەو ئەزمونە بەخوێن دەست پێبکات.. دەشێش مرۆڤ بکرێتە سەنتەری سەرجەم گۆڕانکارییەکانو جارێکیتر بۆ سەروەریەکانی ئەقڵو تێزەکانی مرۆڤدۆستی بگەڕێینەوە.

# (١١) ساڵە خەڵك ئیرادەی پشتگوێ دەخرێت..!

دوای ١١ ساڵ تێپەڕین بەسەر راپەڕینی خەڵکی کوردستاندا، راپەڕینێك قینی چەند ساڵەی چەوسانەوەی کردە گورزێك لەکەمترین ماوەدا دامو دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعسی هەڵتەکاند، دەڵێین دامو دەزگاکان، دەنا ئەقلیەتی بەعس لەماوەی ئەو ١١ ساڵەدا بەشێوازی جۆراوجۆر لەنێوامانداا کاری کردوە، دەکرێ راشکاوانەتر بڵێین وێنەکانی شۆڤینەتو داپلۆسینو توندوتیژی جارێکیتر لەبەرگێکی تر بەرهەم هاتوونەتەوە..!

دوای ١١ ساڵ ئەمرۆ، جارێکیتر خەڵکی کوردستان لەبەردەم ئەگەری راپەڕینێکیتردان، تاووتوێکردنی ئەگەرەکانی ئەم راپەڕینەو ئاراستەکردنی خەڵکی ئەرکێکی هەنوکەیی نییە، چونکە هەر لەدوای رۆژەکانی بەهاری ئازادی (٩١)ەوە خەڵکی وشیار بەتایبەت ئازادیخوازو مارکسیستەکانی کوردستان لەوە گەیشتن کەئەم رەوشە بەئاراستەی بەرژەوەندییەکانی جەماوەری چەوساوەو ستەمکێشی کوردستان ناگوزەرێ، ئەمرۆش لەدەسپێکی هەر ئالوگۆڕێکیتر کەدەشێ رووبدا. هەر خەڵکی وشیارو تێگەیشتوو هەستیارنو درك بەراستییەکان دەکەن، کەدەبێت هێزی فشار زیاتر بخرێتە سەر حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان تابگەڕێنەوە بۆ بەرژەوەندییەکانی خەڵكو ئەوەندە ئیرادەیان تەسلیمی قەدەر نەکەن، دیارە لەسادەترین مانادا گەڕانەوە بۆ هێزو ئیرادەی خەڵك رەخساندنی راپرسییەکی سەرتاسەرییە کەتێیدا خەڵکی کوردستان ئازادانە بڕیاری چارەنووسی خۆیان بدەن، بەڵام لەمەشدا خۆشخەیاڵییە ، چونکە لەماوەی ئەو ١١ ساڵەدا دەسەڵاتی کوردی بۆ هیچ مەسەلەیەکی چارەنووساز نەگەڕاوەتەوە بۆ راو بۆچوونی خەڵك، بۆیە ئێستاش رەچاوی ئەوە لەو دوو دەسەڵاتە ناکرێت کەرەئی خەڵك وەربگرن بۆ هەر ئاڵوگۆڕێك کە روودەدا. لەدەرەنجامدا پێگەی هەر بڕیارێك کەئایندەی لەسەر بنیاد دەنرێت لاواز دەبێت، لەم سەروبەندەشدا تاکە رێگە بۆ پیادە کردنی هەرسیاسەتێك گەڕانەوەیە بۆ پشتیوانی خەڵك ئەگینا پێگەی دەسەڵاتەکە هەر چۆنێك بێت لەسەر سەهۆڵ دەبێت.

# ئەمریکای پێکراو پاوانخوازیی پێش رووداو دوای رووداو

کەدەنگۆی رووداوەکە بڵاوکرایەوە؛ کەسێ نەبوو، سەرەتا هەڵوەستەیەك نەکاتو بڵێ:

. بەڕاست..؟! چۆن..؟!

ناحەق نییە، بالاّدەستیو زلهێزێکی وەك ئەمریکا، وێنەی وا لە هزرماندا جێکەوتە بووە، کەهەموو دونیا لەژێر سایەی سیاسەتەکانی ئەودا دەگوزەرێو (C.I.A) پەی بەنهێنی ناوجێی نووستنو تەنانەت خەونەکانشمان دەبات..؟ کەچی کتو پڕ، دوور لە پێشبینیو بەئاشکراو لەناو خوودی وڵاتدا، پایە تۆکمەکانی: بڕیار، ئابووریو هێز، تەختی زەوی کران..!

شێوازو قەبارەی رووداوەکە، جیا لەوەی کێ پێی هەڵساو کێ لەپشتییەوە بوو، پرسیاری فرەو بۆچوونی زۆر دێنێتە ئاراوە، کە رەنگە ئاستی ئاگایی سیاسی ئێمە لەبەرامبەر ئەو پرسیارانەدا هەژار بێت.

*ئەگەر تادوێنێ ئەمریکاو، تەنانەت لەکۆنگرەی ئەو دوایانەی جەنواشدا بانگەشەی بۆ پوچلکردنەوەی موشکی ئاسمانی کردبێو بڕیاری گەشەکردنی تۆڕی لەم شێوەیەی دابێت، هەروەها ناوەندە سیاسیەکان نەخشەرێژیان بۆ هەرەسو ملدانی نەیارەکانی واکردبێت؛ کەلەدەرەوەی سنورەکانی بالاّدەستیدا مەترسیدارن. ئەوا ئەمڕۆ لەنێو هەناوی خۆیداو بەوەسائیلی خۆی دەستیان لێ وەشاندو نەساروخی (عبر القارات)و نەتەکنەلۆژیاو هاوپەیمانیو.. وڵاتە پاشکۆکانی فریای لێقەومانی نەکەوتن..! کەرەنگە ئەهمیەتی ئەم رووداوەو پەشێویو نیگەرانی دەبلیو بۆشی سەرۆکیش هەر لەم رووە بێت.

*بەهەر ئاراستەیەك، راڤەی ئەو رووداوە بکەین، ئەو راستییە پەیدۆز دەبێت، کە گورزێکی کوشندەیە بۆ هەرەمی ئەو دەسەڵاتەی بۆ دەساڵ دەچێت هێز دەنوێنێتو پانتاییەکانی گەمارۆدانی فراوان بکات.. ئەگەر بڕواشمان بەکارو کاردانەوە هەبێت، ئەوە ئەو رووداوە دەرهاویشتەو دەرەنجامی پیادەکردنی سیاسەتە نادروستو سەرکوتو پاوانخوازییەکانی ئەمریکایەو رەنگە لەئایندەدا پێشهاتیتری لەو جۆرەو خراپتریش رووبدات.

*هەر چەندە تائەو ساتەش راڤەکەرو پسپۆرانی سیاسی لەگەرمەی لێکدانەوەو تاووتوێدانو ئەم رووداوە سەرنجی ناوەندە سیاسیو ئیعلامیەکانی بۆ خۆی کێش کردوە، بەڵام نابێت ئەوە لەبیر بکەین کەستراتیژو میکانیزمەکانی سیاسەتی ئەمریکا بەر (لەو رووداوەو دوای ئەو رووداوەش) لەقۆرغکردنو دەسبەسەراگرتن تێناپەڕێتو ئەم قسەیەش (تۆڵەسەندنەوەو بنبڕکردنی تیرۆریزم پرۆسەیەکی درێژ خایەنەو چەندین ساڵی دەوێ) ئاماژەیەکی رۆشنە بەوەی ئەمریکا لەکەڵەگاییو دەستڕۆیشتویی بەسەر جیهاندا هەمیشە ستراتیژی سیاسەتی خۆی ماوە درێژ بەرنامەڕێژ دەکات، بۆیە رەنگە ئەو رووداوە پاساوو بەهانەی باشتر بداتە دەست ئەمریکا بۆ پراکتیزەکردنی ئامانجەکانی، ئەو ئامانجانەی کەتائێستا ئەمریکا لەبەر هەر هۆیەك بێت، راستەوخۆ دەستی پێڕا نەگەیشتوون، ئەوا ئەمڕۆ بەزیادەوە مەیسەری دەکات.. لەوانەیە لەم نێوەشدا جوگرافیای سیاسی رۆژهەڵات زۆرترین پشکی بەرکەوێو ئالوگۆڕێك لەناوچەکەدا بخولقێنێ، پرسیاریش لەوەیە، ئایا ئایندەو چارەنووسی کوردستان کەچەند ساڵێکە بەهەڵواسراوی ماوەتەوە، تاچەند لەو گۆڕانکاریانە سوودمەند دەبێت، دەسەڵاتی کوردی کەلەماوەی دەساڵی رابردوودا خەڵکی بەوە گۆشکردووە، کەجلەوی سەرجەم گۆڕانکارییەکانی ئەم دەڤەرە لەدەست ئەمریکا دایە، بەجۆرێ ئیرادەی خەڵك کەفاکتەری هەر ئالوگۆڕێکی ناوخۆیین، چۆتە ژێر سفرەوە.. دەبێت چۆن مامەلە لەگەڵ رووداوێکی ئاوادا بکاتو لەنێو هاوکێشەی ئەو ململانێیانەدا چۆن خۆی بپارێزێ..

قەوارەی رووداوەکە گەورەیە.. بۆیە دەرەنجامەکانیشی گەورەدەبن، هەر وەك لەقسەکانیبۆشیشدا کەگوتی: (ئەمە درێژەی شەڕی صەلیبەیە) دەر دەکەوێت، ئەم رستەیە باگراوەندی شەڕێکی جیهانی گەورەی لەخۆ گرتووە، شەڕێك رەنگە هەر لەنیوان ئەمریکاو ئەوەی پێی دەڵێن تیرۆریزم نەمێنێتەوەو پەرەبگرێو مرۆڤایەتی جارێکیتر دووچاری نەهامەتیو مالوێرانی بێت...!

تێبینی: زۆربەی بابەتەکان بەناوی خوازراو لەرۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە، لەبەر هەندێ هۆیی تەکنیکی لەبێ جورئەتی نا..!